سودانی جەخت لە جێبەجێکردنی 18 نەخۆشخانە بە توانای جۆراوجۆر دەکاتەوە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، جەخت لە جێبەجێکردنی 18 نەخۆشخانە بە توانای جۆراوجۆر و زیادکردنی توانای قەرەوێڵەی نەخۆشخانە حکومییەکان لەلایەن حکومەتەوە دەکاتەوە نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی موتڵەع کەوتووە بڵاویکردەوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بەیانی ئەمڕۆ دووشەممە، جێبەجێکردنی پڕۆژەی نەخۆشخانەی (100) قەرەوێڵەیی لە ناوچەی ڕەحمانییە-شوعلە ڕاگەیاند، لە دیوی کەرخی بەغداد ئەم نەخۆشخانەیە یەکێکە لە (16) نەخۆشخانە بەم قەبارەیە، کە بەپێی ڕێککەوتنی عێراق و چین جێبەجێ دەکرێت.

وتیشی سودانی ستایشی هەوڵەکانی ستافی وەزارەتی تەندروستی کرد بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری و ئاماژەی بە پلانەکانی حکومەت کرد بۆ دروستکردنی نەخۆشخانە لەسەر ئاستی قەزاکان بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لە کێشەی هاتووچۆ بە ناوەندی پارێزگاکان و فشارەکانی سەر خزمەتگوزارییەکان ڕزگاریان بێت، هەروەها ئاماژەی بە پەسەندکردنی نوێترین دیزاین لە نەخۆشخانە نوێیەکان و دابینکردنی هەموو ئامێرە پزیشکییە پێویستەکان کرد.